# ئەرێ ئێمە چاوەڕێی چین؟![*]

(هەندێک تێبینی و پێشنیار بۆ کۆنفرانسی ستۆکهۆڵم)



**ڕۆزا حسین**

**بەڕێزان ئامادەبووانی کۆنفرانس، سڵاو!**

بزووتنەوەی یەکسانیی ژن و پیاو لەم ماوەیەی دواییدا لە کوردستانی ئێمەدا هەندێک هەنگاوی ناوە کە ئەکرێ – بە موراعات کردنی ئەوەی کە زۆر خۆمانی پێ موتەوەهیم و خۆشخەیاڵ نەکەین – ئەکرێ دڵمان بەو هەنگاوانە خۆش بێت.

ئێمە بینیمان مانگی ڕابردوو دۆکیومێنێک بەناوی حکومەتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەرچوو و تیایدا ئەو حکومەتە باوەڕی موتڵەقی خۆی بە یەکسانیی ژن و پیاو ڕاگەیاندووە و بڕیاریشی داوە ئەم پرەنسیپە بکات بە سیاسەتی ڕەسمیی حوکمداریی خۆی. ئەمە ڕووداوێکی گەورە بوو. بەڵێ ئەوە ڕووداوە و – خۆ ئەگەر ئێمە بتوانین ئەوە بکەین ڕەخنە سیاسییەکانمان، چەند ئسولییش بن، وە حەساسییەتە حیزبییەکانمان بەرامبەر بەو ئیدارەیە و بەرامبەر بەو حیزبەی لەوێدا دەسەڵاتدارە بەر بە عەقڵی هەڵسەنگاندنی بابەتییانەمان نەگرن – ئەوا دەرچوونی ئەو دۆکیومێنتە ڕوداوێکی گەورە و مێژوویەکیشە کاتێک حکومەتێکی ڕۆژهەڵاتیی یەکسانی ژن و پیاو وەک سیاسەتی خۆی ڕابگەیەنێت، وە من سەیرم لەوە دێت کە ئەم ڕووداوە بۆچی دەنگدانەوەیەکی وەک پێویست گەورەی نەبوو لە سەر ئاستی لۆکاڵ و جیهانییدا! ئەوەی من ئاگادار بم ئەو دۆکیومێنتە تەنها لە چەند سایتێکی ئەنتەرنێتیی کوردیدا بڵاو بووەوە و هەندێک هەڵسەنگاندن و ڕەخنەی ڕووکەشانەی لەسەر نووسراو

[*] ئەم باسە بۆ *کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ژنانی کورد لە ستۆکهۆڵم* نووسراوە و لەوێدا خوێنرایەوە.

هەمووشی وا مامەڵەی لەگەڵ دۆکیومێنتەکەدا کردبوو وەک ئەوەی نووسینێکی تازەی یان بەرهەمێکی تازەی مەهاباد قەرەداخیی بێت کە دوای وەرگرتنی پۆستی ڕاوێژکاریی لە حکومەتی ئیدارەی هەولێردا نووسیویەتی.

ئەوەی کە دەرچوونی ئەو دۆکیومێنتە ئاوا بێ سەدا بوو، ڕەنگە کەسێک بتوانێت بە چەند هۆکارێک ڕاڤەی بۆ بکات، کە من لێرەدا هەوڵەدەم هەندێکیان دەستنیشان بکەم و لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ سەرنجی خۆم هەم سەبارەت بە دۆکیومێنتەکە و هەم سەبارەت بەو چالاکییانەی بە دەوری ئەو دۆکیومێنتەدا هاتن، بخەمە ڕوو:

– هۆکارێکی گرنگ ڕەنگە ئەوە بێت کە ئەو دۆکیومێنتی "سیاسەتی یەکسانیی"یە ناسنامەیەکی دیار و ڕۆشنی نەبوو. مەبەستم لە نەبوونی ناسنامەی دیار و ڕۆشن ئەوەیە کە دیار نییە ئەو دۆکیومێنتەی حکومەت چییە؟! ئایا ئەوە بڕیارێکی حکومییە یان ڕەشنووسی بڕیارێکی حکومییە؟ دیار نییە ئایا ئەوە تەنها مانیفێستی ڕا و بۆچوونی حکومەت یان سەرۆکی حکومەتە، یان وەرەقەی تەنسیقی کاری هاوبەشی حکومەتێک و کەسانی چالاکی بواری مافی ژنانە؟ ئایا ئەوە تەنها ڕاگەیاندنی سیاسەتێکە و پرۆژەیەکی بە دوادا دێت، یان هەر خۆی ڕاگەیاندنی پرۆژەیەکە و خراوەتە یان بڕیارە بخرێتە قۆناغی پراکتیکەوە؟ خۆ ئەگەر پرۆژەشە، ئەوە دیار نییە کە ئایا پرۆژەیەکە بۆ چەسپاندن و سەبت کردنی یاسای یەکسانی ژن و پیاو لە یاسای ڕەسمی وڵاتدا یان ئێمە لەوە بووینەتەوە و ئەمە پرۆژەی هەنگاوە پراکتیکییەکانی پاش ئەو هەنگاوەیە بۆ جێبەجێگرتنی یەکسانیی ژن و پیاو لە ئەرزی عەمەلدا؟

من پێم وایە ئەو دۆکیومێنتە توخمێکی لە هەر یەکێک لەو شتانەی سەرەوەدا تیایە و هەر ئەمەشە وای کردووە دۆکیومێنتەکە ناسنامەیەکی نارۆشنی هەبێت. تەنانەت بۆ کەسێک ئەکرێت وای لێ تێ بگات کە ئەوە باسێکی ئەکادیمییە و باس لە زەروورەتی ڕاگەیاندنی یەکسانی ژن و پیاو لە کوردستاندا دەکات و باس لەوەش دەکات کە چەند شەریحەی جیاوازی ژنمان هەن لە کوردستاندا و هەر یەکەیان دەبێت چۆن و چییان لەگەڵ بکەین تا لە کۆیلەیی پاتریارکییەت ڕزگاریان بێت.

دیارە ئەم مەسەلە فۆرمالیتیانە زۆرجار نابێت ڕێگر بێت لەبەردەم ئیشی جیددیدا، بەڵام ئەگەر حیسابیشی بۆ نەکەین کارەکانمان کەلێنی وای تێ ئەکەوێت کە ئاسان بێت ناحەزانی بتوانن لەوێوە بخزێنە ناوییەوە و لە جیددییەتی بخەن. نەک هەر ئەمە، بەڵکو من پێم وایە دیاریکردنی ناسنامەی دۆکیومێنتێکی وا، وە داڕشتنەوەی بە

شێوەیەکی دروست ئەهەمییەتی زۆری هەیە، چونکە بەڕای من ئەوە دۆکیومێنتێکی مێژووییە و چەنان و چەنان ساڵی تر وەک دۆکیومێنێکی بزووتنەوەی یەکسانیخوازیی ژنانی کورد دێینەوە سەری. ئەمە یەکەم، دووەمیش کارێکی وا گرنگیی ئەوەی هەیە کە بەرچاومان ڕۆشن ئەکات سەبارەت بەوەی کە ئێمە دوای ئەمە چی ئەکەین و بەڵێن و بڕیارەکانی ناو ئەو دەقە و کار و چالاکییەکانمان بەرەو کوێ ئەبەین.

– قسەیەکی ترمان ئەکرێت سەبارەت بەو هەنگاوانە بێت کە بە دوای ئەو دۆکیومێنتەدا هاتوون، یان بڕیارە بێن. پرسیاری من سەبارەت بە میکانکییەتی عەمەلی کردنەوەی سیاسەتی یەکسانیی نییە. پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئیتر بڵاو بوونەوەی ئەو دەقە لە لایەن حکومەتەوە بەسە بۆ چەسپاندنی سیاسەتی یەکسانی وەک سیاسەتی ڕەسمیی حکومەت؟ ئایا ئێمە بە تەماین ئەم دۆکیومێنتە چی لێ بکەین؟ ئایا، وەک لە دەقەکەدا کەسێک ڕەنگە بتوانێت استنتاجی بکات، لەسەری دەوەستین تا کابینەی 5 دادەمەزرێ؟ ئەگەرنا، ئەی چی ئەکرێت؟ ئەگەر بەڵێ، ئەی ئەو کاتە چی لێ ئەکرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە ناڕۆشنن، بەهەرحاڵ لای من؛ لە کاتێکدا هەبوونی وەڵامی ڕۆشن بەم پرسیارانە ئەهەمییەتی گەورەی هەیە. من ترسم هەیە بەوەی کە بە بەرچاوڕوونییەک و بە پلانگەلێکی واوە کار نەکەین کە لە ئاستی ئەهەمییەتی دەرچوونی ئەو ڕاگەیاندنەدا بێت و بەو شێوەیەش ئەو دۆکیومێنتە تەسلیم بە ڕەحمەتی تۆز و خۆڵی سەر ڕەففەکان بکەین.

ڕاست بڵێم من سەرەتا وا تێگەیشتم کە ئەم کۆنفرانسە تایبەت بۆ بەدواداچوونی ئەو بەڵگەنامەیە دەبەسترێت، بەڵام دواتر وەک لە ئامانجە ڕاگەیەندراوەکانی کۆنفرانسدا خوێندمەوە، بۆم دەرکەوت کە مەبەستی سەرەکیی لێی ئەوە نییە.

من لێرەدا نامەوێ لە ئەهەمییەتی ئەو مەسەلانە کەم بکەمەوە کە لە پێناویاندا ئەم کۆنفرانسەمان گرتووە، بەڵام بریا جارێ قورسیی کارەکانمان ئەخستە سەر مەسەلەی ئەو بەڵگەنامەیە.

ڕەنگە کەسێک بڵێ "دەی ئیتر ئەمەش کارە بەو ئاقارەدا". وەڵامی من ئەوەیە کە بەڵێ وایە، بەڵام ناکۆکیی من و تۆ لەوێدایە کە من پێم وایە دەرچوونی ئەو بەڵگەنامەیە بەو شێوەیە زەرووڕەتی کاری زۆر کاریگەرتر، ڕاستەوخۆتر، وە کاری دەسبەجێ و لە دواخستن نەهاتووی هێناوەتە پێش. بۆ نموونە من ڕام وایە کە ئەگەر دەسەڵات هاتۆتە پشت ئەوەی کە یەکسانیی ژن و پیاو وەک پرەنسیپی سیاسەتی خۆی قبوڵ بکات، دەی ئیتر

ئەمە تەنها ئەوە ئەخوازێت ئێمە هەرچی زووترە دەست بدەینە داڕشتنەوە و سەبت کردنی ***ياسای يەکسانی*** لە یاساکانی وڵاتدا و لەچاو ئەم کارە هەموو کارێکی تر لەم کاتەدا کاری سانەوی و خاوە خاوێکی کوشندە دەبێت.

من حەزێکم تیایە بە سەرسوڕمانەوە بپرسم: ئەرێ ئەوە ئێمە چاوەڕێی چین؟! ئایا وەختی نەهاتووە ئێمە هەر ئەمڕۆ، سبەی نا، ***ياسای يەکسانی ژن و پیاو*** گەڵاڵە بکەین و بۆ پەسەند کردن بینێرینە پەرلەمان؟ بەڕای من بەڵێ و تۆزێکیش درەنگە.

بۆیە من پێشنیار ئەکەم هەر ئەمڕۆ لەسەر بنەمای ئەو سیاسەتەی حکومەت لەو بەڵگەنامەیەی خۆیدا ڕایدەگەیەنێت، لیژنەیەک لە کەسانی شارەزای یاسا، چالاکانی بواری مافی مرۆڤ و بواری مافی ژنان و کەسانی پسپۆڕی تر دروست بکەین بۆ داڕشتنەوەی مەتنی ***ياسای يەکسانی ژن و پیاو***، تا بتوانین لە چەند مانگی داهاتوودا بە ناوی ئەو ڕێکخراو و ئەحزاب و کەسایەتییانەوە کە ئامادە دەبن ئیمزای لەسەر بکەن وەک پرۆژەی بڕیارێک بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران و لەوێشەوە بۆ پەرلەمانی کوردستانی بەرز بکەینەوە تا تەسویب بکرێت. گەر ئێمە کارێکی وامان کرد و تیایدا سەرکەوتووبووین، ئەو کات ئێمە کارێکی مەزنمان کردووە و بە بێ موبالەغە و بە حەق یەعنی مێژوویەکمان نەخشاندووە. ئەمەش بەڕای من مومکینە و دوورەدەست نییە.

تەنانەت من زەروورەتی ئەوە ئەبینم کە ئەم کارە تەنها لە چوارچێوەی کوردستاندا قەتیس نەکەین و لەسەر ئاستی یاسای عێراقییش داوای یاسایەکی لەو چەشنە بکەین، بە تایبەت ئەبێ ئەوەمان بیر نەچێت کە ئێستا عێراق لەسەروبەندی نووسینەوەی دەستوورێکی نوێدایە بۆ وڵات. بەڕای من ئێستا لەبارترین تەوقیتە بۆ بەرچاوخستنی داواکارییەکی وا و فرسەتی وا زەحمەتە دووبارە ببێتەوە.

بەڵێ ڕەنگە منیش ڕام لەگەڵ ئەو کەسەدا بێت کە پێی وایە تێپەر کردنی یاسایەکی وا لەسەر ئاستی عێراق زەحمەترە یان ئیمکانی کەمترە، بەلام بیرمان نەچێت کە یەکەم، ئێمە ماف داوا ئەکەین و دواخستنی داواکردنی هەر مافێک لەهەر فرسەتێکدا کە بلوێت، وەرگرتنی ئەو مافەت چەنان ساڵی تر بۆ دوائەخات. دووەم، خۆ ئەگەر بە ئیدديعای سەرزارەکییش بێت نزیکەی هەموو هێزەکانی ئێستای گۆڕەپانی سیاسیی عێراق باس لە دانی

مافەکانی ئافرەتان ئەکەن، سێیەم، زەختی حکومەتی ئەمریکیی و ڕای جیهانییش کە پاڵپشتی داواکەی ئێمە ئەبن؛ من پێم وایە بە یارمەتی ئەم فاکتەرانە خۆ ئەگەر نەشتوانین یاسای یەکسانی ژن و پیاو بسەپێنین، ئەوا لانی کەم کارەکەمان ئیحراجییەکی زۆر بۆ هێزە دژە ئافرەتەکان دروست ئەکات و ئەمەش کارێکی کەم نییە.

بەڵام ئەگەر ئێستا لە کوردستان ئیمکانی بە جێگەیاندنی کارێکی وا زۆرترە و تەنانەت حکومەت خۆی پێشنیاری ڕەسمییەت پێدانی یەکسانیی ژن و پیاو ئەکات لە بوارە جۆراو جۆرەکانی ژیاندا، ئەوا ئەتوانین وەک هەنگاوی یەکەم لەو هەرێمەدا یاسای یەکسانی ژن وپیاو سەبت بکەین. ئەمە کارێکی بێ هاوتا ئەبێت لە ناوچەکەدا و بگرە لەهەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و، دەشبێتە شانازییەک بۆ نەتەوەی ئێمە، بۆ جیلی ئێمە، وە دەرگایەکیش دەبێت بۆ پێشکەوتن و لەوێشەوە بۆ دەربازبوون لە پلەدووییەک کە بەسەر خەڵکی کورددا وەک نەتەوەیەک سەپێنراوە.

بەڕێزان،

بڕیاردان لەسەر یەکسانکردنەوەی ژن و پیاو کارێکە و ئەمڕۆ بێت یان سبەی هەر ئەبێ بیکەین. بیرمان نەچێت یەکسانیی مافێکی ژنانە و ئیتر وەختی هاتووە چیتر بە بیانووی (نەهاتنی کاتی خۆی) درێژە بە زەوتکردنی ئەو مافە لە ژنانی کوردستان نەدەین. ئەگەر ئەم مافە لە وڵاتانێکی تر دراوە، ئەوا دواخستنی لە وڵاتی ئێمەدا بەهەر بیانوویەکەوە بێت ئیهانەیەکە بە کەرامەتی ژنانی لای خۆمان.

وەک ووتم، درەنگ یان زوو ئەم مافە هەر ئەدرێت یان وەرئەگیردرێت. ئێمە ئەبێ جورئەتی ئەوە بکەین لەناوچەکەدا ئەم دەستپێشخەرییە بکەین. ژنانی ئێمە لە ژنانی وڵاتانی ڕۆژئاوا قیمەتێکی کەمتریان نییە تا ئێمە چاوەڕوان بین تا کاتێک بێت شایان بە مافی یەکسان بن لەگەڵ پیاواندا.

من ماوەیەک بەر لە ئێستا نووسیم کە "ئێمە لە هەر کوێییەک بین، ماف هەر مافە، مرۆڤ هەر مرۆڤ؛ بەس ئەوەیە تەنها ئێمە تۆزێک بوێریی زیاترمان پێویستە".

بەڕێزان ئامادەبووانی کۆنفرانس: *سوپاس بۆ ئێوە گەر وا بوێرن!*

rozahusein@yahoo.com

**04.04.05**